# ئازادی رۆژنامەگەری، رادەربرین. . . . ، ئەرکەکانمان

کەژاڵ حمە رەشید
kazhalh@yahoo.com



چەند مانگی رابردوو دەورانیك بوو كە د ە سە لا تداران لە كوردستان (PUK، PDK) جم و جولیكی تازەیان دەست پیكرد بۆ هیرش كرد نە سەر ئازادی رۆژنامە گەری و بەرتەسك كردنەوەی مەودای رۆژ نامەگەری كە ئەوان پیان وایە مەودایەكی فراوانە كە رۆژنامە نوسان كاری تیدا ئەكەن. لەم بارەیەوە تەكانیكی تازەیان د ا بۆ لی سەندنەوەی مافەكانی رۆژنامە نووسان و پاشەكشە پیكردنیان لە جۆریك لە ئازادی كە رۆژنامەگەری و رۆژ نامە نووسان لە كوردستان خەریك بوون پیادەیان دەكردو دەستیان بۆبرد بوو. ئەمانە لە بابەتی گرتن و زیندانی كردنی رۆژنامە نووسان وە د ادگایی كردنیان و سوكایەتی پی كردنیان و داخستنی رۆژنامەكا ن و ریگە گرتن لەبلاو بونەوەیان و تەنانەت دانانی دادگای ئاشكرا بۆیان !!

لیرەدا ئەوە بلیم كە ئەوە تەنها كاری ئەو چەند مانگ و دەورەیەی دەسەلات داران نەبوە لە هیرش كردنە سەر ئازادی رۆژنامە گەری و ئازادی رادەربرین، بەكو ئەمە بەشیكە لە پراكتیكی سیاسی ئەوا ن و بەبە ردە وامی خەریكی پیادە كردنی بوون، تەنانەت ئەم كارانە هەولدانە لە پیناو دریژە دان بەتەمەنی دەسەلاتەكەیان، چونكە بەبی ئەم كارانە دەسەلاتی ئەوان ماتای واقعی خۆی نابیت. . بەلام ئەم هیرشانە ناوبەناو توند ترو درندانە تر دەبنەوە بەتایبەتی لەدە ورانە حەساس وقەیانگرتوەكانیاندا هەروەها بە پیی هەل ومەرجی سیا سی و شیواوی كوردستان كە دیسان ئەوان دەرگیری قەیران ئەكاتەوە، لەلایەكی تریش بە پیی هەل و مەرج و ئاستی بەرزو نزمی بزووتنەوەی رۆژنامە گەری و هەلویستی خەباتكارانەی رۆژنامە نووسان ئەم هیرشانە هەندی كات لەلایەن ئەحزاب و دەسە لاتدارانەوە لە پاشەكشەدادەبن و هەندی كاتیش ئەوان گورزی قایمتر دەوەشینن بۆ بەرگرتن بە ئازادی رۆژنامەگەری و رادەربرین.

نموونەی بەرجەستەی ئەم كارانەش لە چەند مانگی رابردوودا گرتن و زیندانی كردنی رۆژنامەنووس (مەم بورهان قانع) سەرنووسەری هەفتە نامەی (رای گشتی) و (عماد شیخانی) نووسەری كتیبی (توركمان، كوردی تورك زمان) ، هەروەها دادگایی كردنی (ئاسۆس هەردی) سەرنووسەری هەفتەنامەی هاولاتی و ١ سال حكم دانی، جیگای باسە ئەم حوكم دانە لە دادگای ئاشكرادا بەریوە د ەچیت و، لەوەش خرا پتر بە ئامادەبونی نەقیبی سەندیكای رۆژنامە نووسان !!!!!! لەم هەل و مەرجەدا مەسەلەی رۆژنامەگەری و ئازادی ۆژنامەگەری و رادەربرین بوە باسیكی فراوان و هەمەلایەنە لەنیو ریزی رۆژنامەنووسان و نوسەرانی كوردستاندا. زۆریك لە رۆژنامە نووسان و نووسەران بۆ بەرگری كردن لە خۆیان و لە ئازادی رۆژنامەگەری و بۆ پشتیوانی لەو هاوریانەیان كەلە زینداندا بوون نارەزایە تی خۆیان دەربری بە نووسیینی ووتارو نامەی نارەزایەتی و. . . ، رۆژانە لەسەر لاپەرەی رۆژنامەكان و تۆرەكانی ئەنتەرنیت چەندین نووسین و بابەت لەم بارەیەوە بلاو دەبونەوە هەرلیرەشەوە لیكۆلینەوەو تەنانەت بابەتی تەرجەمەكراو ووتو ویژو سمنارو. . . ، لەبارەی ئازادی رۆژ نامەگەریەوە هاتنە ئاراوە. كەلە راستیدا ئەمانە هەمووی جیگای دەستخۆشانە بوون تەنانەت ئەگەر فشاریكی ئەوتۆشی نەخستبیتە سەر دەسەلاتداران بۆ ئالوگۆر لەباری عەمەلیەوە، بەلام بەرای من لەباری سیاسیەوە ئەوانە هەویستی سیاسی و جدی بوون كەبیگومان كاریگەری سیاسیشیان هەبوە لەسەر دەسەلاتداران، كاریگەری ئەم جم وجولە و نارەزایەتیانە لەوەدا رەنگی دایەوە كە سەندیكای رۆژنامە نووسانی جولاند لەم كیشانەدا هەرچەندە ئەوكارانەی ئەوان لەدلسۆزی و وەفاداریانەوە نەبوو بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان، یان بۆپاراستنی ئازادی رۆژنامەگەری، بەلكو ئەوان لەژیر فشاری رۆژنامەنووساندا جولان ئەگینا ئەوان قسەی ناوی كەچەند ریكخراویكی دروست كراوی ئەحزابن بۆپتەوكرد نی پایەی خۆیان لەنیو ریزی رۆژنامەنووساندا بۆخزمەت بەمانەوەی حكمیان كە بەداخەوە لەلایەن بەشیك لە رۆژنامەنووسانەوە ئەم كارەیان بۆ مەیسەر بوە. لەلایەكی تر دابەزاندنی پرۆژەی یاساكانی رۆژنامەگەری لەلایەن (PUK)وە لەم هەل ومەرجەدا ئەمەش بۆخۆی كاریگەریەكی تری بزوتنەوەی رۆژنامەگەریە لە كوردستان {كوردستانی نوی، ژمارە (2947 ) ٢٥ ی دیسەمبەر ٢٠٠٢}.

## كیشەی پەرش و بلاوی (ریكخراو نەبوون).

وەك باس كرا ئەوەی كەبەریخرا لەنارەزایەتی لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە جیگای دەستخۆشانەیە بەلام كیشەكە لەوەدایە كەتەواوی ئەو نارەزایەتیانە پەرش و بلاو بوون هەركەس هەلویستی شخصی و تایبەتی خۆی لەنوسینیكدا بەیان كرد لەبلاو كراوەكاندا یان لەسەر سایتەكانی ئەنترنیت كە ئەمەش لەراستیدا ئاستیكی لاوازە لە نارەزایەتی دەربرین، ئەمەش سەرئە نجامی ئەو واقعیەتەیە كە رۆژنتامە نووسان خاوەنی ریكخراوی واقعی خۆیان نین بۆ دیفاع لە مافەكانیان، وە ئەم دەورانە ئەوەشی رۆشنكردەوە كە رۆژنامە نووسان هیچ كام لەو ریكخراوانەی رۆژنامەنووسان كە ئیستا لەكوردستان هەن بەریكخراوی واقعی خۆیان نەزانی بۆیە نەشیان توانی لەم بارەیەوە پشتیان پی ببەستن. . بەشیك لە رۆژنامە نووسان نارەزایەتیان دەربری بەلام پلاتفۆرمیك یان نەخشەیكی عەمەلی دیاریكراو دیار نەبوو وهەندیكیش د یموكراسی وەك ستراتیج پیشنیار كرد بۆ بەدیهینانی ئازادی رەها بۆ رۆژنامەگەری (مەریوان ووریا قانع، هاولاتی ژمارە (96، 97، 98) ی

تر بەدیدگای ناسیونالیزمەوە دەرواننە ئازادی رۆژنامەگەری و. . . بەلام لە راستیدا ئەوەی جیگای نیگەرانی منە وەك كەسیكی ماركسیست لەم نیوەدا ئەوەبوو كەجیگەو نەخشی نارەزایەتی نووسەرانی ماركسیست و سۆسیالست دیار نەبوو لەم كیشمەكیشەدا، كەلەراستیدا دەبووئەوان واتە سوسیالستەكان فراوانترین جیگایان بگرتایە لەو نارەزایەتیانەدا بەهەر شكل و شیوازیك بوە. میژوی هیرشی ناسیونالیزم و مەزهەب بە تایبەتی لە دەیەی نەوەدەكاندا بۆسەر ئازادی رادەربرین و رۆژنامە نووسان وە بە تایبەتی بۆسەر ماركسیست و كۆمۆنیستەكان میژوویەكی تال و خویناویە، هەرلەداخستنس رۆژنامەكان و فتوای نوسەرا ن و هەول دان بۆ بەرتەسك كردنەوەی بواری رۆژنامەنووسی بە جۆرەها شیواز بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیاتی كریكاری و ماركسیدا وهەروەها تەقاندنەوەی كتیبخانە ماركسیەكا ن و ریگە گرتن لە بلاو بونەوەی رۆژنامەكان و. . . بەم شیوەیە هیرش بۆسەر نووسەران و رۆژنامەنووسانی ماركسیست فراوانترین هیرش بوە لەم مەیدانەداو لەم دەورەیەدا.

ماركسیستەكان لەتەواوی سەردەمەكانی خەباتیاندا ئەوكەسە شۆرشگیرانە بوون كەبەوە ناسراون زۆرترین كاری فكری و ئایدۆلۆژی و رۆژنامەو رۆژنامەگەریان بەكار هیناوە لە خەباتیاندا هەر لەبەكار هینانی نوسین و بلاو كراوەی جۆراروجۆر، ئەدەبیات و كتیب و لیكۆلینەوە و سمنارو. . . .
تائیستاش زۆربەی كاری بزوتنەوەی كۆمۆنستی لەكو ردستاندا لە بواری بلاوكراوەو ۆرژنامەكاندا خۆی بینیوەتەوە وەك لە مەیدانی پراكتیك، بۆیە بەداخەوە كە دەبوو ریزی رۆژنامە نووسان و نووسەرانی ماركسیست جیكای بەرچاویان هەبوایە لەو نارەزایەتیانەدا و لە وەستانەوە لە بەرامبەر بە سەركوتی ئازادی رۆژنامەگەریدا. كەم نین ئەو رۆژنامەنووس و ئەد یب و نووسەرانەی دەرگیری كیشەی یاسایی كران لە بلاو كردنەوەی نوسین و رۆژنامەكانیاندا، كەم نین ئەوانەی هەولی تیرۆركردنیان درا و هەندیك لەوانەش تیرۆر كران، تیرۆری نوسەرو رۆژنامە نوسی ماركسیست (فەرهاد فەرەج) صەرنووسەری یەكیك لەرۆژنامە كۆمۆنستیەكان، هەروەها تیرۆری رۆژنامەنووسی ماركسیست (لیسی شمیدت) كە رۆژنامە نوسیكی ئەلمانی بوو ئەو دەورەیە لە كوردستان كاری ئەكرد، ئەمانە كارەساتی خویناوی و مەینەتبار بوون لەم بارەیەوە.

**ئەبی چی بكەین ؟ ئەركەكا نمان.**

١–ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربرین یەكیكە لە خەصلەت و سیماكانی كۆمەلگایەكی مەدەنی و مۆدیرن، لە كوردستاندا لەم چەند سالەی دوای دەسەلاتی رژیمی بەعس ۆژنامەنووسان هەولیكی جدی و بی وینەیان دا لە پیناو بەرفراوانكردنی مەودای رۆژنامەگەریدا، چەند ین جۆری پەرتوك و بلاوكراوەو رۆژنامەو رۆژنامە نووس هاتنە مەیدان، لەگەل ئەو هەموو بیرۆكراسیەت و ریگریانەوە كە لەلایەن دامو دەزگاكانی دەسەلاتدارانەوە بۆ رۆژنامەگەری دانراوە ئەمان تەحەمولی زۆریانكرد و تصحیەی زۆریاندا و لەم پیناوەدا ماندو نەناس بوون. ئەمە لەكاتیكدا ئازادی رۆژنامەگەری بەبەردەوامی لەبەردەم هیرشی دڕندانەی دەسەلاتداراندا بوو. بۆیە بەرای من ئەم زەمینەیە كە بەخوین و تصحیەی هاوچینەكا نمان بەدەست هاتوە دەبی بەهەموو لایەك بیپاریزین و لەهەولی بەرەو پیش بردنیدا بین.

٢–وەكو پیشتر باسكرا پەرش و بلاوی و نەبونی ریكخراویكی واقعی نووسەران و رۆژنامەنووسان كیشەیەكی سەرەكیە لەم مەیدانەدا. پیشنیار كردنی دامەزراندنی ریكخراویكی راستەقینەی رۆژنامەنووسان بەبەرزكردنەوەی دروشمی ئازادی رادەربرین هەنگاویكی زۆر جدی یە بۆ رووبەرووبونەوەی سەركوتی ئازادی رۆژنامەگەری، وە لەگەل ئەمەشدا رەت كردنەوەی ئەوریكخراوانەی رۆژنامەنووسان كەئیستا هەن لە كوردستان، بەسەیر كردنی ئەو رابردوەی ئەو ریكخراوانە بەسەریان بردوە لەبی هەلویستی لەبەرامبەر ریگەگرتن لە ئازادی رۆژنامە گەری و لەبەرامبەر سوكایەتی كردن بەرۆژنامەنووسان، ئەاون هەر كاریكیان لەم بارەیەوە كردبی زۆر رۆتین بوەو لە دوا هەنگاویشدا بە حصوری نەقیبی سەندیكا رۆژنامەنووسان دادگایی كران. بۆیە پیویستە لەلایەن تەواوی رۆزنامەنووسان ئازادیخوازەوە پلاتفۆرمیكی هەمەلایەنە پیشنیار بكریت لەسەر بنەمای پاراستنی ئازادی رۆژنامەگەری و رادەربرین و پاراستنی مافەكانی رۆژنامەنووسان هەروەها ئەوپرۆژەیەی كە (PUK) پیشنیاری كردوە لیكۆلینەوەی لەسەر بكریت و رەت كریتەوە. هەلبەتە بیگومانین لەوەی كەهیچ كات (PUK) پرۆژەیەك بە قازا نجی رۆژنامەنووسان و لە پیناو ئازادی رۆژنامە گەریدا پیشنیار ناككت بۆیە حە تمەن ئەبی رەت كریتەوە.

٣– پەرە پیدانی رۆژنامەگەری و پەیرەوی كردنی سوونەتی مۆدیرن و پیشكەوتن خوازاتە لەكاری رۆژنامە گەریداو بەكارهینانی بنەمایەكی مەدەنی لە بردنە پیشەوەیدا. خۆپاراستن لە بەكارهینانی ئەم مەیدانە بۆ ململانیی تایبەت و شەخصی و بەكارهینانی شیوازی ناشارستانی و سوكایەتی و تەشهیر، من لیرەدا ئەمەویت ئەوە بلیم كەوایە ئیمە دیفاع لە ئازادی رادەربرین و رۆژنامەگەری دەكەین، بەلام دیفاع لە ئازادی بەمانای ئازادی بەبنەما ئینسانیەكانییەوە نەك بەهەموو مانایەكی مجردەوە، ناكریت بەناوی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە دیفاع لەهەموو جۆرە دەربرینیك لە تەشهیر، سوكایەتی، كاری هەلبەستراو. . . ، كاری هاندان لە پیناو تیرۆر، تۆقاندن. . . ، بكەین.

٤– كردنەوەی دەورەی فیركاری و راهینانی رۆژنامەگەری بەشیوەیەكی فراوان بۆ رۆژنامەنوسان و ئەو كەسانەی دەیانەویت لە بواری رۆژنامە نووسیدا كاربكەن تا رۆژنامەنوسان بە نەریت و پایەكانی كاری رۆژنامەگەری ئاشنا بن و بە پێی یاسا مودیرنەكانی رۆژنامە گەری بەریوە بچن.

**رۆژنامەنووس چۆن دەتوانیت ئازاد بیت لە كارەكەیدا ؟**

ئازادی سیاسی و رادەربرین سەرەكی ترین بنەمایكن بۆ ئازادی لە كاری رۆژنامەگەریدا، ئەمەش هەول و خەباتیكی سیاسی قول و هەمەلایەنەی پیویستە، نووسەران و رۆژنامەنووسانیش بە پێی تیروانین و ئایدیای سیاسییان رەنگە هەریەكە حیزبیك یان مەكتەبیكی فكری بە بنەمای دەستەبەركردنی ئازادی رۆژنامەگەری سەیر بكات. ئازادی را دەربرین و ئازادی سیاسی مانایەكی قول و فراوانی هەیە، ئەم تعبیرە تەنها ناكاتە ئازادی بۆ گروپ و ئەحزابی سیاسی یان كەسایەتی سیاسی سەر بە مەكتەبیكی فكری دیاری كراو، بەلكو دەبیت ئازادی موتلەق بیت لە بواری دەربرینی فكرو بۆچووندا، ئازاد لەبەرژەوەندیە حیزبی و فیرقەییەكان، ئیمە ئەزانین كوردستان بە حوكمی هەل و مەرجە سیاسییەكەی كۆمەلگایەكی سیاسی و حیزبییە، بۆیەش زۆر كەمن ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی كە ئەندامی حیزبیك یان گروهیكی سیاسی نەبن، ئەحزابی موجود لە كوردستان تا ئیستا بە هۆی بەرژەوەندی حیزبی و فیرقەییانەوە

www.kurdistannet.org
9-1-2003 16:01

نەیان توانیوە تعبیر لە ئازادی واقعی رۆژنامەگەری بکەن و پیادەی بکەن، وە نەیان توانیوە ریگە بدەن بە نووسەران و رۆژنامەنووسانیان ئازادی رەها لە مەیدانی رۆژنامەگەریدا پیادە بکەن، هەر بۆیە دیسان رۆژنامەنووسان لەدەروونی ئەحزابیش دا دەرگیری کیشە دەبنەوە.

بەلام ئەوەی دەتوانری رۆژنامەنووسان لەسەری هاورابن بەجیاوازی هەرمەیلیکی سیاسیانەوە لەفراوانکردنی کاری رۆژنامەگەری و بەدەست هینانی ئازادی فراوانتر لەو مەیدانەدا، بۆنمونە کارکردن وبەدەست هینانی بودجە بۆ رۆژنامەنووسان و دابین کردنی ئیمکاناتی مالی و فەراهەم کردنی پیداویستیەکانی وەك چاپخانەو رادیۆ، تۆرەکانی ئەنتەرنیت، دە ست راگەیشتنی تەواو بە میدیا جیهانیەکان و هەوالەکان. . . . ، ودەزگاکانی تری راگەیاندن. لەمبارەیەوە سەیرکەن لەکوردستان ریزیکی فراوان لەنووسەرانی بەتواناو خاوەن خیبرەو لیاقەت هەن، بەلام زۆری کلفەی تیچونی دەرچونی رۆژنامەو گۆفارەکان دەستی ئەوانی بەستوە لەبەکارهینانی خبرەو تواناییاندا لەم مەیدانەدا. هەلبەتە فەراهەم نەکردنی ئەم پیویستیانە لەلایەن دەسەلات دارانەوە عەمد یەو ئەوان تابتوانن لیی کەم ئەکەنەوە ئەوان نەك ئەم پیداویستیانە فەراهەم ناکەن بەلکو بەجۆریك نارەحەتیان کردوە کە تەنها بۆ وەرگرتنی روخسەتی یاسایی بۆ رۆژنامەکەت دەبی بە پرۆسەیەکی ئەوپەری بیرۆکراسی و نارەحەتدا برۆیت تا وەری ئەگریت.

٥-فەراهەم کردنی زەمینەی دەست راگەیشتنی تەواو بەسەرچاوەکانی هەوال و بلاوکردنەوە ی راست و دروستی هەوالەکان لەلایەن ئەحزاب و دەسەلاتدارانەوە تاوەکو رۆژنامەنووسان بتوانن لەسەر بنەمای راستی ئەو هەوالانە بۆچونی خۆیان بدەن، هەر بۆیە دەسەلات داران ناتوانن رۆژنامەنووسان تاوانبار بکەن و حەقی سوکایەتی و زیندانی کردنیان نیە بەو شیوەیەی کە ئیستا بەریوە ئەچیت لەکاتیکدا رۆژنامە نوسان چەندین ریگەی سەخت ئەگرنە بەر بۆ بەشویندا چونی هەوال و سەرچاوەی روداوەکان، بۆیە دەسەلات داران ئەگەر ئەیانەوی ئەو هەوال و بۆچونانەی لە رۆژنامە کاندا بە هەلە هاتون راست کەنەوە و لەبەرامبەریدا سزای رۆژنامەنوسان بدەن، دەبی پیش وەخت لەهەولی راست کردنەوەی خۆیاندا بن و خۆیان را پۆرت وهەوالی راست و دروست و ئاشکرا بدەن، ریکە نەگرن لەگەیشتنی هەوالە جیهانی و ناوخۆییەکان تا رۆژنامە نوسان نەکەونە ئەو هەلانەوە، هەلبەت ئەم کارەش بۆ ئەو جۆرە لە سیستم ودەسەلات ممکن نیە بۆیە ئەم کیشمە کیشە هەر بەردەوام دەبیت و باشترین کاریك بۆ رۆژنامە نووسان داسە پاندنی پلاتفۆرمی داواکاری و مافەکانی رۆژنامەنووسان و پرۆژەی واقعی رۆژنامەگەریە بەسەر دەسەلاتداراندا.

**تیبینی**

لەراستیدا من تائەو کاتەی لەتایپکردنی ئەم بابەتە تەواو بووم هیشتا ئەو پرۆژە رۆژنامەگەرییەی یەکیتی نووسەرانی کوردستان کە لە کوردستانی نوی دا بلاو بۆتەوە تەنها وەك سەردیر بینیبووم بەلام پاش ئەوە هیشتا من بابەتەکەم نەناردبوو بۆ کوردستا نیت دەقی پرۆژەکەم بینی. سەرەتا هەلویستیکم کرد لەبلاو کردنەوەی بابەتەکەم بەلام پاش ئەوەی چاوم خشاند بە پرۆژەکەدا دیسان بریارمدا بابەتەکە وەك خۆی بنیرم بۆ بلاو بونەوەو هیوادارم لەداهاتودا بتوانم لەسەر بەندەکانی ئەو پرۆژەیە بنووسم.

٢٠٠٣/١/٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت